

# لە بارەی چالاکی سیاسی چینی کرێکار

**فریدریك ئەنگلس**

**لە عەرەبییەوە: سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم**

دابڕان لە سیاسەت بە یەکجارەکی، کارێکی ئەستەمە. هەموو رۆژنامە لایەنگرەکانی لە سیاسەت دابڕان، لەهەمانکاتیشدا خەریکی سیاسەتن. هەموو مەسەلەکە لەو لایەنەدایە، کە ئێمە بزانین چۆن و چ سیاسەتێک دەکەین.

جگە لەوەی کە دابڕان بۆ ئێمە کارێکی مەحاڵە، پارتی کرێکاران، وەک حزبێکی سیاسییە و لە زۆرربەی وڵاتەکاندا بوونی هەیە و نامانەوێ بە وەباوخستن بۆ دابڕان لە سیاسەت بیرۆخێنین. ژیانی هاوچەرخ و چەوسانەوەی سیاسی، کە حکومەتە باوەکان بەسەر کرێکاراندا سەپانووە- جیاوازییەکیان نییە، چ بەمەبەستی سیاسی بێ، یان کۆمەڵایەتی- و خۆشیان بێ یان ترش، ناچاردەکرێن خەریکی سیاسەت بن.

ئامۆژگاریکردنی کرێکاران بۆ دابڕان لە سیاسەت، لەوانەیە بۆ باوەشی چینی بۆرژوا، پاڵیان پێوە بنێ، هەروا دابڕان




له سیاسه‌ت مومکین نییه به‌تایبه‌تی پاش کۆمونه‌ی پاریس، که له خشنه‌ی کاره‌کاندا، چالاکی سیاسی پرۆلیناریای هێناوه‌ته پێشه‌وه.

ئێمه ده‌مانه‌وێ چینه‌کان له‌ناو ببه‌ین. ئایا وه‌سیله‌ی گه‌یشتنمان به‌م ئامانجه چین؟ سالاری پرۆلیناریای سیاسی، به‌ڵام بیانبینن، کاتێ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه به‌زه‌قی روونبووه‌وه، دوامان لێ ده‌که‌ن ده‌ست له سیاسه‌ت وه‌رنه‌ده‌ین! هه‌موو ئامۆژکاریکه‌رانی دابڕان له سیاسه‌ت، خۆیان ناوده‌نێن شۆڕشگێڕ، ته‌نانه‌ت به‌و شۆڕشگێڕانه وه‌ک پێ چاکتر له‌وانه‌ی تر، به‌ڵام شۆڕش باڵاترین کاری سیاسییه و ئه‌وه‌ی هه‌وڵی بۆ بدات، ده‌بێ دان به ئامڕازه‌کانیشی بنێ، به‌و کاره سیاسییانه که شۆڕش ئاماده ده‌کات و کرێکاران له پێناو شۆڕش په‌روه‌رده ده‌کات، به‌بێ ئه‌وه‌ی نمونه‌گه‌لێ وه‌ک (فافر) و (بیا) له رۆژی دووه‌می پاش جه‌نگدا، به به‌رده‌وام فروفێل له کرێکاران ده‌که‌ن، به‌ڵام ئه‌و سیاسه‌ته که ده‌بێ په‌یڕه‌وی بکه‌ین، سیاسه‌تی کرێکارییه. نابێ حزبی کرێکاری به دوای کلکی ئه‌م یان ئه‌و حزبی بۆرژوایی بڕوات، به‌ڵکو ده‌بێ وه‌ک حزبێکی سه‌ربه‌خۆ، خاوه‌ن ئامانج و سیاسه‌تی تایبه‌ت به خۆی پێکبێت.

ئازادییه سیاسییه‌کان، مافی کۆبوونه‌وه‌و کۆمه‌ڵه‌کان، ئازادی له چاپدان و بڵاوکردنه‌وه، ئه‌مه چه‌که‌که‌مانه، داخۆ ده‌بێ ده‌ست به ئه‌ژنۆوه ڕاوه‌ستین، له سیاسه‌ت دابب‌ڕێین، ئه‌گه‌ر ویستیان ئه‌م چه‌که له ده‌ستمان وه‌ربگرنه‌وه؟ ده‌ڵێن هه‌ر چالاکییه‌کی سیاسی، واتای دانپێنان به سیتێمی باو هه‌یه، به‌ڵام تا ئه‌م سیستێمه ئامرازه‌کانی خه‌بات له دژی خۆیدا بۆ ده‌ره‌خسێنێ، ئه‌وا به کارهێنانی ئه‌م ئامرازانه، مانای داپێنان به سیتێمی باو نییه.

**تێبینی:**

به‌پێی ده‌ستنووسه‌که بڵاوکراوه‌ته‌وه و له فه‌ره‌نسییه‌وه وه‌رگێڕاوه. هه‌موو ده‌قه‌که بۆ یه‌که‌مجار له گۆڤاری (کۆمونیستینیسکی ئه‌نته‌رناسیونال) ژماره 2، ساڵی 1934 بڵاوکراوه‌ته‌وه.